## نووسەر یان کۆلکە نووسەر!! ... ئه. کەمال غەریب ک.

2005-11-07

شاعیری ئەڵمانی هاینریش هاینە ئەڵێت: ئەوەی پەرتووک بسوتێنێت، مرۆڤیش دەسوتێنێت!! ئەی گەر ئەوەی خاوەن پێنوسێکی بچووک کردوە تێتـا بـب بە تۆپێکی بەرپێی، چیی پێ ئەوترێ. . !!




زمانی ڕۆشەنبین ئەبێت زۆر بەپیتر و چرتر و بەپێزتر بێت، لەوەی ساکار و پەڕپووت و بازاڕی بێت، هیچ لام سەیر نییە ئەم جۆرە کەسانە ئەبێت هەزارو یەک لێکدانەوە بکەن بۆ قسەکانیان، چونکە هیچ دوور نییە لە ئەنجامی ئەم بێلێکدانەوەیەدا گۆلێکی ناوگەڵی لە خۆیان بکەن.

بەڵام ئایا زمانی کەڵە ئیمپراتۆرێکی خاوەن چەندەها نووسین و پەرتووک ئەبێت چۆن بێت، ئایا تا ئەمرۆ شتێک هەیە پێی بگوترێ نووسەری کاریزمایی؟ ئەوانەی شەلم کوێرم ناپارێزم خاوەن ووشەکان شەقباران پێئەکەن. . !!! کەسیان لا نووسەر نییە، تەنها خۆیان نەبێت هەر لە بەر ئەوەی خۆیان بە کەسانێکی ڕەهایی دەبینن، من تا ئەمرۆ پیاو سالاریم بیستبوو بەڵام ئەوەشمان بیست کە پێی ئەڵێن نووسەر سالاری، گوایە ئەو وەحییە تەنها خوا بەوانی بەخشیوە. ئایا گۆرکی رووسی، ژان پۆڵ سارتەر، لێنین، تا دوایی، خاوەنی ئەم بێ پەیڤی و بنەمایانە بوون لە ئاخافتنەکانیاندا. ؟

کاتێک کەڵە نووسەرێک پەنا ئەبات بۆ ووشەی کۆلکەنووسەر (وەک سووکە جنێوێک) بۆ پۆزلێدان یان خۆفشکردنەوە و خۆ گیفکردنەوە بۆ هێڵنجدان تا برشێتەوە بە سەر ووشە پیرۆزەکاندا، بە بیری من لە سووکایەتی کردن بە پێنووس زیاتر هیچی تر نالێت و هەلناسەنگێرنێت..؟؟ وە لەوەش زیاتر ناپێکێت. . ؟ لەبەر ئەوە ڕێزیشی سەنگی خۆی ئەبێت، کاتێک ناوەکەی ئەکەوێتە بەر دەم نووکی تیری زمان.

ئەوانەی ئەنووسن، تەنها جیاوازیان لەگەڵ ئەوانەی نانووسن، هیچ نییە لەوەی زیاتر کە ئەمیان ووتەکانی ئەخاتە ئەرشیفەوە، هیچ دوور نییە ئەو ووتانە زۆر و بۆر بن لە چەندەها بووخچەدا، یان ووشەی دزراو بن. . ؟ وە ئەویتریان هیچ دوور نییە زۆر داناتر و لە زمان کارامەیدا ووتەبێژتر و زمانپاراوتر و خاوەن هەڵوێستر بن، چونکە نووسەری پێنووس کوولیش هەن. . !!